# گوزارشی پێشوازیکردن لە ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە فینلاند

ڕۆژی سێ شەممە، 01.05.2007 سەعات 10.00 سەر لە بەیانی بۆ پێشوازیکردن لە ئەوەڵی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران، لەلایەن ئیتاحادیەی کرێکارانی چەپ و سۆسیالیست کە بە بەشداری هەزاران نەفەر پێک هاتبوو بە گەرمی پێشوازی لێکرا. بەشداربووان هەر وەک سالانی پێشوو لە یەکێ لە مەیدانەکانی شاری هێلسینکی بە ناو: Hakaniemi (هاکانییێمی)، ڕێپێوانیان دەست پێکرد و بەرەو Rawtatientori( ڕاوتاتییێن تۆڕی)، یەکێ تر لە مەیدانەکانی شار، ڕێکەوتن. لە ماوەی ڕێپێوانەکەدا خەڵکەکە شوعاریان دەدا و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکرد، بۆ وێنە: سەرکەوتوو بێ بزوتنەوەی کرێکاری، کرێکارانی جیهان یەک گرن، بژی ڕۆژی کرێکار، نەسرەوتن تا سەرکەوتن و....! پاشان بەشداربوانی ڕێپێوانەکە لە Rautatientori( ڕاوتاتییێن تۆڕی) کۆبوونەوە و نوێنەری هەندێک لە ئەحزابەکان لە مەڕ چۆنیەتی باشتر بونی بارودۆخی ژیان وپێڕاگەیشتنی زۆرتر لە لایەن بەرپرسانی دەوڵتی فینلاند، وتاریان پێشکەش کرد. پاشان سروودی ئەنترناسیۆناڵ خوێندرایەوە. کۆمەڵەش هەر وەک سالانی پێشوو، شان بە شانی هەموو ڕێکخراوە چەپ وسۆسیالیستەکان چالاکی هەبوو، وە بە زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی شیعارەکانی خۆیان بەرز کردبۆوە و هەروەها تراکت و پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، لە ناو جەماوەردا بڵاو کرایەوە. بەم شێوە، ڕێپێوانەکە، لە ساعەت 2 ی دۆانیوەڕۆ کۆتایی پێهات.

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**کومیتەی ڕێکخراوی فینلاند**

Komala Party - Iranian Kurdistan
Committe in Finland

www.komala.org
E-mail: komalafi@yahoo.com
Tel: (00358) 0407250832




KAIKKI TYÖLÄISET
YHTEIS
RINTMAAN!
KAIKKIEN MAIDEN TYÖLÄISET
YHTYKÄÄ!
KOMALA






کریکارانی جیهان یه‌کگرن


KAIKKIEN MAIDEN TYÖLÄISET
YHTYKÄÄ!
KOMALA



